# چەتری ئازادی رێکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی لە پێشێلکاریەکانی یەکیتیو پارتی ئاگادار دەکاتەوە!

رۆژی چوارشەمە 18-5-2011 وەفدێکی گروپی چەتری ئازادی کە پێکهاتبوو لە (هۆزان محمود، سیروان محمد سەعید، دەشتی جەمال) لەبارەگای رێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی لە لەندەن چاویان کەوت بە هەریەك لە بەریزان(سەعید بومەدوحە) لیێکولەرەوە لە بەشی خورهەلاتی ناوەراستو (کۆفادونگادی لاکامبا ) بەپرسی کەمپینی بەرنامەی خۆرهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا لە ریێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی.

لەکۆبوونەوەکەدا سەرەتا وەفدی چەتری ئازادی سەبارەت بە گروپی چەتری ئازادیو کارو چالاکیەکانی رونکردنەوەیان پێشکەشی بەرپرسانی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کرد. وەفدەکە ئەوەیان بۆ بەپرسانی رێکخراوەکە رونکردەوە کە چەتری ئازادی گروپێکی عەمەلیو ئەکشنەو لە ژمارەیەك هەڵسوراوی سیاسیو رۆشنبیرو کەسانی ئەکادیمی کوردی دانیشتوی لەندەن پێکهاتوە، کاریشی بریتیە لە بەرگریکردن لە ئازادی سیاسی لەکوردستانو پشتیوانیکردنی خواستە بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە ئازادی، یەکسانیو خۆشگوزەرانی، دژایەتی گەندەڵی سیاسیو ناعەدالەتی.

پاشان لەسەر دوایین ئالوگۆرەکانی پەیوەند بە رەوشی مافی مرۆڤ لەکوردستانو ئازادیەکان وە پیێشیلکاریەکانی دەسەڵات لەوبوارانەدا قسەکراو بەڵگەی پێویست خرایە بەردەمی بەرپرسانی ریێکخراوی ناوبراو. باس لە هەرەشەکانی وەزیری پیشمەرگەو جیگیری وەزیری ناوخۆ کرا سەبارەت بە ئەمری تەقەکردن لە خۆپیشاندەران لەلایەن هێزەکانی دەسەڵاتەوەو قەدەغەکردنی هەمووجۆرە خۆپیشاندانێك. هەروەها ئاماژە بەو هەڕەشانەکرا کە لەکەسایەتی ناسراوی میدیا سەربەخۆکان کراوە لەلایەن بەرپرسانی پایەبەرزی دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، لەوانە(ئەحمەد میرەو سۆران عمر). هەروەها وەفدی چەتری ئازادی ئاماژەی بەو گۆرانکاریە نوێیانەکرد کە بەدوای راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەسەر بارودۆخی سیاسیو رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان بڵاوکراوەتەوە، لەوانە میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان، گرتنو ئازارو ئەشکەنجەدانی هەڵسوراوانی خۆپیشاندانەکان، دانانی لیژنەی ئەمنیو داسەپاندنی بارودۆخی نائاسایی، ریگەنەدان بە هەڵسوراوانی کرێکاری بۆیادکردنەوەی یەکی ئایار، دامەزراندنی ئەنجومەنی بالای راگەیاندن کە مەبەست لێی سنوردارکردنەوەی ئازادی رۆژنامەگەیو رادەربرینە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی سەدان کارمەند لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە!

شایەنی باسە لە و کۆبوونەوەیەدا وەفدی چەتری ئازادی لە سەر گرنگی دەوری رێکخراوی ناوبراو لەئاشکراکردنی راستیەکانی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤو پێشێلکاریەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان تەکیدی کردەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی وولاتانی رۆژئاوا بەختری بەرژەوەندی سیاسیو ئابووریان ئامادە نین راستیەکانی ستەمو چەوساندنەوەو پیێشلیکاریەکانی دەسەلات لەعێراقو کوردستان بخەروو!

وەفدەکەی چەتری ئازادی داوای لە بەرپرسانی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کرد کە بەدواداچون بۆ داخوازیەکانی چەتری ئازادی بکەن سەبارەت بە پشتیوانیو بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤو دژ بەپیێشیلکاریەکانی دەسەڵات لە کوردستان، بەتایبەتی داواکرا کە سەبارەت بە بریاری دەسەڵات بۆ قەدەغەکردنی خۆپیشان و سەپاندنی باری نائاسایيو کەیسی (ئەحمەد میرەو سوران عمر) هەنگاوی عەمەلی بنێن. لەوەڵامدا بەرپرسانی رێکخراوی ناوبراو بەڵێنیان دا کە پەیگیری هەموو ئەو مەسەلانە دەکەن کە لەلایەن وەفدی چەتری ئازادیەوە خراوە پێشچاویان. هەروەها داواشیان لە وەفدەکەی چەتری ئازادی کرد کە پەیوەندی بەردەوامیان هەبێ پێکەوەو لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان هاوکاریو هەماهەنگی بکەن.

**چەتری ئازادی/ لەندەن**

**٢٠١١/٥/١٩**